هیچ ئازار وناڕەحەتیەک تووشی باوکت نابێت لە پاش ئەمڕۆ

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لاشەی قورس بوو بەهۆی ئازار وناڕەحەتیەوە، فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئای ئازاری وناڕەحەتی باوکم چەندێک گەورەیە، ئەویش فەرمووی: «هیچ ئازار وناڕەحەتیەک تووشی باوکت نابێت لە پاش ئەمڕۆ». کاتێک کۆچی دوایی کرد، ووتی: خودا وەڵامی نزاکەی دایەوە! ئەی باوکە، بەهەشتی فیردەوش شوێن ئەوە! ئەی باوکە، هەواڵی کۆچی دوایی کردنی دەگەیەنین بە جبریل!، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە گۆڕ سپێردرا؛ فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: چۆن نەفستان ڕازی بوو کە خۆڵ بکەنە سەر لاشەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؟!

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی ئارام گرتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات لە ساتی سەرە مەرگیدا، وتووشی لە هۆش خۆچوون دەبوو بە هۆی سەختی ئازارەکانیەوە لەو نەخۆشیەی کە تێیدا کۆچی دوایی کرد، وئەمیش حیکمەتێکی گەورەی تێدایە: بۆ ئەوەی پلە بەرزەکان بەدەست بهێنێت لای خوای گەورە وەکو پاداشتێک بۆ ئارام گرتنی، کاتێک تووشی ئازار دەبوو، فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیووت: (ئای ئازاری وناڕەحەتی باوکم چەندێک گەورەیە)، دڵتەنگ دەبوو بە هۆی ئازاری باوکیەوە، چونکە ئافرەتە وئافرەتیش زۆر جار ئارامگرتنی کەمە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویی: (هیچ ئازار وناڕەحەتیەک تووشی باوکت نابێت لە پاش ئەمڕۆ)، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە دونیا بەرزەوە وچوو بۆ لای هاوەڵانی -بۆ لای پێغەمبەران- لە بەرزترین شوێنەکانی ئاسماندا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک لە سەرە مەرگدا بوو، دەیفەرموو: (خودایە، بەرەو مانەوە لای هاوەڵان -لای پێغەمبەران- لە بەرزترین شوێندا، وسەیری سەرەوەی خانووەکەی دەکرد -چاوی بەرەو ئاسمان بوو-). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد، وفاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- وەسفی دەکرد، بەڵام بە دەنگێکی کەم وبێ هاوار ودەنگ بەرز کردنەوە، بۆ ئەوەی نەگاتە ئاستی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە، وبە دەنگێکی کەم ئەم کارەی دەکرد چونکە ئەوەی دەنگی بەرز بکاتەوە بە گریان وهاوار بکات و وەسفی مردووەکە بکات بەو دەنگە بەرزە ئەوا ئەمە لە نیاحەیە کە لە تاوانە گەورەکانە ونەهی لێکراوە لە شەریعەتدا. فاتیمە دەیووت: (خودا وەڵامی نزاکەی دایەوە!)، چونکە هەموو شتێک مولکی خوای گەورەیە وساتی سەرە مەگ وئەجەلی بوونەوەرەکانیش هەمووی بە دەستی ئەو زاتەیە. خوای گەورە نزاکەی وەڵامدایەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک کۆچی دوایی کرد وەکو ئیماندارەکانی تر ڕۆحەکەی بەرز بووەوە بەرەو ئاسمان، بەڵام ڕۆحی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرز بووەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم. فاتیمە ووتی: (ئەی باوکە، بەهەشتی فیردەوش شوێن ئەوە!) چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەزرترین شوێنی هەیە لە بەهەشتدا، هەروەکو فەرموویی: (اسألوا الله لي الوسيلة؛ فإنها منزلة في الجنة لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله، وأرجو أن أكون أنا هو)، واتە: (داوای وەسیلەت بۆ من بکەن لە خوای گەورە، چونکە ئەوە پلەیەکە لە بەهەشتدا؛ تەنها بۆ یەک بەندەیە لە بەندەکانی خوای گەورە، وهیوادارم ئەوە من بم)، وهیچ گومانێک نیە لەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شوێنی بەهەشتی فیردەوسە، وفیردەوس بەرزترین شوێن وپلەی بەهەشتە، سەرووی فیردەوس عەرشی پەروەردگاری مەزن وشکۆدارە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە بەرزترین شوێنی فیردەوسدایە. فاتیمە ووتی: (ئەی باوکە، هەواڵی کۆچی دوایی کردنی دەگەیەنین بە جبریل!)، چونکە جبریل لە کاتی ژیانیدا دەهات فێری وەحی دەکرد، و وەحی پەیوەست بوو بە ژیانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وبێگومان جبریل دەزانێت وهەواڵی پێگەیشتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەمرێت، بەڵام لەوەیە فاتیمە بۆیە ئەمەی وتبێت چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جبریلی زۆر خۆشدەویست بۆیە فاتیمە وەکو خۆشەویستیەک بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ووت. پاش ئەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شوێنەکەی خۆی بەرزکرایەوە ولە گۆڕ دانرا، فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: (چۆن نەفستان ڕازی بوو کە خۆڵ بکەنە سەر لاشەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؟!)، ئەمیش بە هۆی زۆری دڵتەنگی وئازارەوە بوو بە هۆی کۆچی دوایی باوکی، ودەزانێت هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- چەندێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-

یان خۆشدەوێت بۆیە ئەم پرسیارەی لێکردن، بەڵام هەموو پریار وفەرمانێک بە دەستی خوای گەورەیە وهەمووی بۆ لای ئەو زاتە دەگەڕێتەوە، هەروەکو دەفەرموێت لە کـتێبە پیرۆزەکەیدا: {إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ}[الزمر: 30]، واتە: {ئەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- تۆ دەمریت و ئەوانیش دەمرن، ئەمە هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم-، (ئەبـو بەکری سدیق لـە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئـایـەتـەی خـوێندەوە وکـردییە بەڵگە لەسەر وەفاتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم}(.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3306